سەید حەکیم جەختی لەسەر پێویستی وەبەرهێنان لە دۆخی ئێستای سەقامگیری عێراق کردەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە"سەید عەممار حەکیم" سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتیمانی، جەختی لەسەر پێویستی وەبەرهێنان لە دۆخی ئێستای سەقامگیری عێراق کردەوە، هاوکات ئاماژەبەوەدەکات کە وڵات پێشنیاری پڕۆژەی گەشەپێدانی لە سەرتاسەری ناوچەکە خستوتەروو.

"حەکیم " لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:ئەمڕۆ پێشوازیمان لە "جینین پلاسخارت " نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد و لە نزیکەوە باسمان کۆتایی ئەرکەکەی لە بەغدا کرد،کە تێیدا ستایشی هەوڵەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانمان لە عێراق کرد لە قۆناغی ڕابردوودا،هەروەک ڕوونمان کردەوە کە ئەو دۆخەی ئێستا کە وڵات تیایدا سەقامگیرە،دەبێت پەرەی پێبدرێت بە شێوەیەک کە بەرژەوەندییەکانی عێراق و بەرژەوەندی هاوبەشەکانی لە ناوچەکەدا گەشە پێبدات.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- "سەید حەکیم "ڕایگەیاند : کە جیهان ده ستی به گۆڕانکاری کردووه لە پرسی عێراق،بەهۆی ئارامی ئاسایشی عێراقەوە کە گرێدراوی ئاسایشی ناوچەکەیە.

جەختیشی کردەوە: کە عێراق پڕۆژەی گەشەپێدان بۆ هەموو ناوچەکە پێشنیاز کردوە و هەوڵدەدات بەرژەوەندییەکان لە یەکتردا هەیکەوەیان ببستەتەوە و ململانێکان بگۆڕێت بۆ هاوکاری و پێکەوە

کارکردن ، ب□ی□ ر□گای گ□ش□پ□دان باشترین د□رف□ت و دیدگای گ□ش□پ□دانی ع□راق□ ب□ خ□ی و ب□ ناوچ□ک□.